# هەنارێک لە پلاستیک

حەمەسەعید حەسەن

ئەوی لێکۆڵینەوەکەی شارام قەوامی کە بەراوردێکە لە نێوان  هەردوو ڕۆمانی (ساڵی بەلوا)ی عەباس مەعرووفی و (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا بخوێنێتەوە، هیچ گومانی لەوە نامێنێت، ئێوارەی پەروانە کۆپیی ساڵی بەلوایە. ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو ڕۆمانەدا هەبێت، ڕەنگە هەر هێندە بێت  کە عەباس مەعرووفی گوتوویەتی: خۆزگە گوڵێک دەبووم بە قژتەوە.

بەختیار عەلی کردوویە بە: بریا وەنەوشەیەک دەبووم بە بەرۆکتەوە.

لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ناوەڕۆک هەمان ناوەڕۆکە، شێوازی چنین هەمان شێوازە، تەکنیکی گێڕانەوە، هەمان تەکنیکە، دیمەنەکان هەمان دیمەنن و ڕووداوەکان هەمان ڕوودان. یان وەک شارام دەڵێت: (کاکڵەی  ئێوارەی پەروانە هەمان کاکڵی ساڵی بەلوایە، فۆرم هەمان فۆرم و بونیاد هەمان بونیاد.)

قەڵای کافران، کە شوێنی یاخیبووەکانی ڕۆمانی ساڵی بەلوایە، لە ئێوارەی پەروانەدا دەبێتە کافرستان. (نووشافەرین و حوسەینا)ی هەردوو پاڵەوانی ساڵی بەلوا، بە (تاوان)ی زینا دەکوژرێن، (فەرەیدوون و پەروانە)ی هەردوو پاڵەوانی ئێوارەی پەروانەش هەروەها. پەروانە کوتومت کۆپیی نووشافەرینە. ئەفسانەی گەڕان بە دوای کچی پاشادای ساڵی بەلوا، لە ئێوارەی پەروانەدا دەبێتە گەڕان بە دوای مانگدا. شارام دەنووسێت: بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێین: (هەموو وەسفە جوانەکانی ساڵی بەلوا، لە ئێوارەی پەروانەدا دووپات دەبنەوە.)

ئەگەرچی شوێن لە ئێوارەی پەروانەدا سلێمانیی دوازدە ساڵێک لەمەوبەرە، کەچی ئەوی بەختیار باسی کردووە، هیچ پێوەندیی بە باری کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردەوە نییە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی ئێوارەی پەروانە، ئۆرگیناڵ نییە.

شارام دەڵێت: (ئێوارەی پەروانە ئەوەندە لە ساڵی بەلوا کە ڕۆمانێکی ئەم دواییەی ئەدەبی فارسە، دەچێت، ناکرێت وەک دوو ڕۆمانی جیاواز ناویان ببەین. چیرۆکبێژی سەرەکی لە ڕۆمانی ساڵی بەلوادا، ‹عە›باسی بچکۆلەیە، لە ئێوارەی پەروانەدا، دەبێتە خەندانی بچکۆلە. تەوەری سەرەکی لە ساڵی بەلوادا، عەشقێکە تێکەڵ لە وەهم و حەقیقەت، لە ئێوارەی پەروانەشدا هەروەها.)

ئەحمەد تاقانە دوای بەراوردێکی ورد لە نێوان هەندێک لە شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح و تۆفیق فیکرەتدا، دەبێژێت: بەشێک لە هۆنراوەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح هێندە لە شیعرەکانی تۆفیق فیکرەت دەچن، دەشێت شێخ نووری لە بیری چووبێت، بنووسێت، ئەو شیعرانە داهێنانی خۆی نین، بەڵکوو وەرگێڕانن! تۆ بڵێی بەختیار عەلیش لە یادی چووبێت، بنووسێت، ئێوارەی پەروانە، وەرگێڕانی ساڵی بەلوایە! دەشێت کەسێک توانای ئەوەی هەبێت، کڵاو لە سەری بەشێک لە نەوەیەک بنێت، بەڵام ناتوانێت مێژوو فریو بدات.***

20023. 03. 11

* شارام قەوامی، لێکچوونەکانی نێوان دوو ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە و ساڵی بەلوا، بەشی یەکەم، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (29) ل 2 تا ل 21 فێبریوەری 2002 سلێمانی.

* شارام قەوامی، لێکچوونەکانی نێوان دوو ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە و ساڵی بەلوا، بەشی دووەم، گۆڤاری ئایندە، ژمارە (34) ل 94 تا ل 132 تەممووزی 2002  سلێمانی.

* بۆ خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکەی شارام قەوامی، دەتوانن سەیری ئەم سایتە بکەن: www.sardam.net